# نا بۆ تیرۆر، هەنگاو بەرەو ئازادی

تیرۆر هەر کەس بیکات، هەر لە بەرژەوەندی سەروەریی چینایەتی تەواودەبێت، لەبەرئەوەی کە خودی سەروەریی چینایەتی لەسەر پایەی جۆرەکانی تیرۆر، ناچارکردن، زیندان، ئەشکەنجە، ترس و تۆقاندن، کاریکرێگرتە، مشەخۆریی، نایەکسانی، هەڵاواردن، سووکایەتی، درۆ و پیلانگێڕیی ڕۆنراوە و خۆی ڕاگرتووە ، کۆی هەموو ئەمانە خۆیان لە بوونی دەوڵەتی هاوچەرخدا دەبیننەوە و پێکدەهێنن. تیرۆر وەك پێشینە و پاشبنەما لە کاردانەوەی سەرۆکخێڵ و پلەدارە ئایینییەکان و سەردار [ئاغا] و ئیمپراتۆرەکانەوە تا ئەمرۆ بەردەوام لە گەشەکردن و پەرەسەندندابووە و تەکنۆلۆجیاش بۆ ئاسانکردن و شاردنەوە و خێراکردن و ڕاگەیاندن و دادگە سیناریۆییەکانیش وەك ئامراز بۆ پەردەپۆشکردنی گیراونەتەبەر.

،رچەندە تیرۆر لەم سەردەمەدا تەنیا لە لەگیانخستنی جەستەی کەسێکدا کورتنابێتەوە و تیرۆر تا دوا قوژبنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی ڕۆچووە و هەر سات و لە هەر هەنگاوێکماندا بۆ لێدان و لاوازکردنی کۆت و بەندەکانی سەروەریی، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. بەڵام لێرەدا بە دیاریکراوی مەبەستمان تیرۆری جەستەییە [کوشتنە]، کە دونێێ دەنگێکی دیکەی لێخنکاندین، خامەیەکی دیکەی بوێری شکاندین، بازنەیەکی لە زنجیرەی تێکۆشانماندا پچڕاند، خەباتکارێکی دیکەی لێ کوشتین.

" کاوە گەرمیانی " ڕۆژنامەنووس، یەکێك بوو لە سیمبولەکانی دەنگ و ناڕەزایەتی خەڵکی گەرمیان، چاوی کراوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە ی، هیوای نەوەیەکی کپکراوبوو، چکێ چاوی دەسەڵاتدارانی چە بوو و پەردەی لەسەر خەونە مشەخۆریی و سەرکوتگەرانەکانی دەسەڵاتداران لادەدا، بۆیە کوشتیان، بۆیە نەیانتوانی لەوە زیاتر بیسەر و بینەری وتار و چالاکییەکانی ئەو بن، لەبەرئەوە بڕیاری تیرۆری ئەو، تەنیا لەنێوبردنی جەستەیی ئەو نەبوو، بەڵکو ترساندنی دەنگی ناڕەزایەتی ناوچەی گەرمیان بوو.

ەر کەس ئەوی بڕیاری تیرۆرکردنی ئەوی دەرکردبێت، هیچ گومان لەوەدانییە، کە دەسەڵاتدارە یا دەسەڵاتخوازە و بۆ پاراستنی شکۆی فیرعەونانەی، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی مشەخۆریی و تاڵانی و زۆرداری، بۆ درێژەدان بە سەروەری چینێك، پارتێك، دەستەبژێرێك، کە بیست و دوو ساڵە خەونەکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان سەرکوت و تیرۆردەکات. لەبەرئەوە هۆکاری تیرۆرکردنی "کاوە گەرمیانی" کێشەیەکی کەسیی نێوان ئەو و بڕیاردەری تیرۆرکردنەکەی ن ە، بەڵکو کێشەی نێوان ستەمکار و ستەملێکراوانە، کێشەی نێوان سەروەر و ژێردەستانە، کێشەی نێوان برسی و مشەخۆرانە، کێشەی نێوان زیندانی و ئەشکەنجەدەرانە، کێشەی نێو ن خەڵك و دەسەڵاتدارانە، کێشەی نێوان چینە بەشمەینەتەکان و چینی مشەخۆری کوردانە، کێشەی نێوان ڕەوا و ناڕەوایە، کێشەی نێوان کۆیلانی یاخی و خواکانە. مەر لەبەر ئەم هۆیەیە، پاڕانەوە و چاوەڕوانی سزادانی بکەرانی ئەو تاوانە لە دەسەڵات، وەك تیرۆر هەردەم لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران و تیرۆرکەران تەواوبووە و دەبێت، چونکە جەماوەری ناڕازی لە چاوەڕوانییەکی بێسوود و سەرەنجامدا ڕادەگرێت، هەر وەك لە تیرۆرکردنی ڕەئوف کامیل، عەلی بۆسکانی، نەزیز عومەر، بەکر عەلی، سەلاح هۆرامی، شاپور و قابیل، فەرهاد فەرەج، سۆران مامەحەمە، عەبدولستار تامیر شەریف، سەردەشت عوسمان، .....، ....، ....، کاوە گەرمیانی و تیرۆری نەیارانی ئێرانی و ورکیە و سوریە و عەرەب و ڕۆژنامەنووسانی کوردی ئێران و ەیان کەسی دیکە، کە لەبەرئەوەی سەر بە پارت و لایەنێکی ڕامیاریی نەبوون یا خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبوون، کوشتنیان وەك تیرۆر دەنگینەداتەوە و هەژمارنەکراوە و لەلایەن پارتەکان و باڵەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە نەتوانراوە سەرمایەگوزاریی ڕامیارییان لەسەر بکرێت و بۆ قازانجی ڕامیاریی خۆیان بەکاربرێن.

بە بۆچوونی ئێمە تەنیا سەنگەر و شێوازێك کە بتوانێك تیرۆر لە ژیاری کۆمەڵایەتییدا دەربهاوێت و دەسەڵاتداران و دەوڵەت و باندەکانی لە ئەنجامدانی بگێڕێتەوە دواوە، خەباتی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆی خەڵکە لە دەرەوەی هەوڵی بازرگانانە و سەرمایەگوزاریی ڕامیاران و پارتەکان، خەباتێك کە سەنگەرەکانی تەنیا دەتوانن گروپ و ڕێکخراوە جەماوەریی و کۆمەڵایتییە سەربەخۆکان بن و شێوازەکانی بە پێچەوانەی هەوڵی ڕامیاران و پارتەکان، بە بایکۆتی ڕاگەیاندن و مانگرتن لە سەیرکردن و خوێندنەوە و گوێگرتن لە میدیاکان، مانگرتنی گشتی سەرتاسەریی و ناوچەیی و خۆجێی، دانیشتن و داگیرکردنی مەیدان و چوارڕێکانی شارەکان، داگیرکردنی

تەلاری دەزگەکانی ڕاگەیاندن، کارکردن بۆ پێکهێنانی گروپە خۆجێییە کۆمەڵایەتییەکان و گرێدانەوەیان لە تۆڕە سەرتاسەرییەکاندا، بەڵام لە دەرەوەی هەوڵی پارتەکان و ڕێخکراوە بەناو ناحکومییەکان [NGO]کان، مەڵدانی چادری ڕاگەیاندنی جەماوەریی دژی تیرۆر لە نیوەندی شارەکاندا، ڕێپێوان لە شێوەی کاری هونەریی وەك موزیك و سروود و شانۆ و کۆڕی هۆنراوە و خوێندنەوەی ژیاننامەی قوربانیانی تیرۆر لە سەردەمی شاخەوە بۆ سەردەمی پارلەمان، خەباتی نافەرمانی سڤیلی [مەدەنی] و زۆر شێواز و چالاکی دیکە.

کاتێك جەماوەر نارەزایەتی خۆی بەردەوام و زیندوو و کارا تێکەڵ بە بوارەکانی ژیان و کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئیدی هیچ دەسەڵاتێك نییە، کە بتوانێت داواکانی نادیدە بگرێت و خۆی لە بڕیاردان بدزێتەوە. بە بۆچوونی ئێمە بە ئەزموونگیری لە ٢٢ ساڵی ڕابردوو و کار و کاردانەوە لە بەرامبەر زنجیرە تیرۆرەکانی پێشوودا، ئەوەی نیشانداوە، کە چاوەڕوانی چاکبوونی دەسەڵات و پەشیمانبوونەوەی تیرۆرستان و سەرمایەگزاری پارتەکان و ڕامیاران، تەنیا زەمینە بۆ درێژبوونەوەی تیرۆر و بەردەوامی دەرەخسێنن و لە کۆتاییدا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکەی هەر یەکە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە سەرەنجامی تیرۆر بەهرەمەندبووە و دەسەڵات بە ترساندنی ژێردەستان و ئۆپۆزسیۆن بە کۆکردنەوەی نارازییان و خۆشباوەڕکردنیان بە دەسەڵات و سەرۆکی باش و گەمە فریوکارییەکانی پارلەمان، بە واتایەکی دیکە، دەسەڵات چ دەسەڵاتی داگیرکەرییت؛ دەوڵەتی ئێران و تورکیە و سوریە، چ دەسەڵاتی چینی مشەخۆری کورد بێت، وەك دەسەڵاتی میرەکانی بادینان و سۆران، بەبێ تیرۆر ناتوانێت ژێردەستانی ڕابگرێت، هەروا ئۆپۆزسیۆنیش چ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و تورکییە و سوریە ، لە هەندەران، چ ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان لە نێو هۆڵی پارلەمان و دەرەوەیدا، بەبێ سەرمایەگوزاری ڕامیاریی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و تیرۆرەکان، ناتوانێت مشەخۆریی و دەسەڵات بۆ خۆی مسۆگەربکات. لەبەرئەوە هیچ پارت و لایەنێکی ڕامیاریی نییە، کە سەرکوت و تیرۆر لە بەرژەوەندی نەبێت، چ وەك دەسەڵات بۆ ڕاگرتنی ژێردەستان، چ وەك ئۆپۆزسیۆن بۆ دابینکردنی مشەخۆریی و بە ئامانجگەیاندنی دەسەڵاتخوازیی، لەم بارەوە سەرنجی ڕاگەیاندنی پارتەکان و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان بدەن و ببینن، کە چۆ ناڕاستەوخۆ خۆشی خۆیان بۆ گەرمبوونەوەی بازاری سەرمایەگوزاریی ڕامیارییان دەردەبڕن و تیرۆر بە ماندەری خەباتی ئەندامە ناهوشیار و فەرمانبەرەکانیان دەبینن !

دەبا لە ڕیزی پارتەکان و ڕێکخراوە زەرد و [NGO] بێینەدەرەوە ...
دەبا بایکۆتی دەنگدانەکان بکەین ...
دەبا لە خەو و خەونی سەرۆکی باش و دەسەڵاتی باش و دەوڵەتی باش و دادپەروەریی لە سایەی دیمۆکراسی پارلەمانیدا داچلەکێین
دەبا خۆمان لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆڵان و گەڕەکەکان ڕێکبخەین
دەبا خۆمان لە ڕێکخراوە سەربەخۆ جەماوەرییەکاندا لە شوێنی کار و دەرەوەی کار [بێکاران]، لە فەرمانگە و فێرگەکاندا ڕێکبخەین..
دەبا لەجیاتی خۆشباوەڕیی بە ئۆپۆزسیۆن و پارتەکان و دەسەڵاتداران، پشت بە توانا و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتیانەی خۆمان ببەستین..
دەبا نەهێڵین تیرۆری "کاوە گەرمیانی" وەك تیرۆرەکانی پێشتر، بێدەنگەی لێبکرێت،دەبا بیکەینە خاڵی کۆتایی تیرۆر لە ژیانمانا

سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان [KAF]
www.anarchistan.tk
٦ی دێسەمبەری ٢٠١٣